# شیکارێک بۆ فەلسەفەی سیاسی تۆماس هۆبز

دیارعبدالباقی خەلیل[1] رابەر علی احمد[2] صفوان طلعت حمدطاهر[3]

[1] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین-اربیل، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین-اربیل، هەرێمی کوردستان، عێراق

[3] هەڵگری بڕوانامەی ماستەر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

تۆماس هۆبز لەنێو کێشەمەکێشی سیاسی، شەری ناوخۆ، شێواوی کۆمەڵایەتی ژیاوە؛ وەها بارودۆخێک کاریگەری هەبووە لەسەر تێرامانە سیاسییەکانی. بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی فەلسەفەی سیاسی ئەو، سەرەرای لەبەرچاوگرتنی سەردەمی ژیانی، پێویستە تێروانینی ئەو دەربارەی سروشت و ناخی مرۆڤیش فەرامۆش نەکرێت. لەراستیدا ئەم دوو لایەنە کلیلی تێگەیشتنن لە مەبەست و ئامانجی ئەو لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی تۆتالیتار. هۆبز هەوڵدەدات بیرۆکەکانی سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی لە گریمانەیەکی هزری، کە "دۆخی سروشتییە"دەست پێبکات و وردە وردە بچێتە ناو کرۆکی ئەو مەبەستەی دەیویست پێی بگات، کە ئەویش "دەوڵەتە". دەوڵەتێکی بەهێز و تۆکمە، کە کەسێك فەرمانڕەوایی بکات و جڵەوی بەدەستەوە بێت، بەڵام دەوڵەتێک لەسەر بنەمای رێککەوتن و پەیمانێکی کۆمەلایەتی، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرژەوەندی گشتی و داخوازییەکانی هاولاتیان بەدی بهێنێت. بە مەبەستی شیکارکردنی فەلسەفەی سیاسی ئەم کەڵە فەیلەسوفە، میتۆدی شیکاری گیراوەتەبەر، هەوڵدراوە ئەو هۆکارانە شیبکرێتەوە، کە بوونەتە هۆی ئەوەی هۆبز بوونی دەوڵەت بە پێویستەکی و ناچاری بزانێت. چۆن بەڵگەی ئەقلانی دەهێنێتەوە بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە سیستەمی پاشایەتی ڕەها؟ ماف و ئەرکی هاووڵاتی چۆن دەست نیشان دەکات؟ ئەرک و مافەکانی فەرمانڕەوا چین؟ و بنەماکانی دەوڵەت لەسەر چی دادەمزرێنێت؟. هەوڵ دراوە لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی هۆبزدا بە تایبەت لە تێروانینەکانی لە کتێبی " لیڤیاتان" بەهۆی شیکردنەوەی دەقەکانی و بەسوود وەرگرتن لەو شیکارانەی بۆیکراون وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

**کلیلە وشەکان:** هۆبز، لیڤیاتان، فەلسەفەی سیاسی، ئاشتەوایی، تۆتالیتاری.

## ١ -پێشـەکی:

هەروەك دەگوترێت هەموو فەیلەسووفێك رۆڵەی سەردەمەکەی خۆیەتی، هۆبزیش لەمە بەدەر نەبووە. ئەو ڕەوش و بارودۆخەی تێدا ژیاوە و لێی لەدایکبووە، کاریگەری زۆری هەبووە بەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەکانی. ئەم ڕەوشە ناڵەبار و شێواوەی بەریتانیا، تەنانەت هەتا کاتی مردنیشی بەردەوام دەبێت، بۆیە لە کاتی ژیانیدا هەوڵ دەدات بە تیۆری بوونی دەوڵەتێکی تۆتالیتار، کە نەخشە پلانەکەی لە کتێبێکدا دادەرێژێت، ئەو ڕەوشە نەهامەتبارەی وڵاتەکەی پێدا تێپەربووە چارەسەر بکات. ئەو کتێبە بریتی بوو لە (لیڤیاتان Leviathan) (١٦٥١). "لیڤیاتان ناوی ئەژدیهایەکی دەریاییە لە (تەورات) لە بەشی چلوی یەکەم، باسی لێوە کراوە."لیڤیاتان" چەمکێکی هزرییە, کە هۆبز بە نموونەی دەوڵەتی بەهێز و ڕەها لە قەڵەمی دەدات و لە تەوراتی وەرگرتووە (کاپلستون, ١٣٨٢) " ئەم بەرهەمە بە شاکارێکی ئەم فەیلەسووفە هەژمار دەکرێت، کە پوختەی کۆی بیرۆکە سیاسییەکانی هۆبز لەخۆگرتووە و بە یەکێك لە بنەماکانی فەلسەفەی سیاسی پاش خۆی هەژمار دەکرێت. هەر ئەمەش وای کردووە (مایکل ئۆکشات) لەبارەی لیڤیاتانەوە بڵێت: "گەورەترین و ڕەنگە بتوانرێت بگووترێت تاکە شاکاری بێ وێنە لە کایەی فەلسەفەی سیاسی بە زمانی ئینگلیزی هەژمار بکات". (Hampsher-monk, 1992, p. 66)ئاشتەوایی و هێمنی و ئاسایش ئەو ئاواتەیە هۆبز خەونی پێوە دەبینێت، هەموو هەوڵێکی ئەو بۆ رزگاربوونی مرۆڤە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 21 فبراير 2022؛ قُبل في 26 ابريل 2023
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 30 مايو 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 ديار،رابەر، صفوان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لە شەر و ئاژاوە. ئەم پرسە نەک هەر لە سەدەی حەڤدەهەم، کە هۆبز تێیدا ژیاوە جێگای گرنگییە، بگرە لە ئێستاشدا پرسێکی مرۆیی جێگایی سەرنجە و ئاشتەوایی و هێمنی لە زۆرێک لە ولاتانی هەنووکەش خەونە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ دەکرێ تێرامانەکانی هۆبز لەمەر چارەسەری شەر و ئاژاوە و بەدیهێنانی ئاشتەوایی و هێمنی، پۆینتی ڕێنیشاندەری تێدابێت لە چۆنێتی رزگاربوونمان.

## ٢,١ ژیان و ئەو رەوش و بارودۆخەی هۆبز تێیدا ژیاوە:

تۆماس هۆبز (Thomas Hobbes) گەورە فەیلەسووفی سیاسی لە (١٥٨٨/٤/٥) لە وێست پۆرت، لە بەریتانیا هاتۆتە دنیاوە. (بدوی, ٢٠٠٧) لە (١٦٧٩/١٢/٤) لە (٩١) ساڵی کۆچی دوایی کرد. (مکفرسون, ١٣٨٧) باوکی قەشەیەکی نەخوێندەوار بوو، کە زوو مرد و سەرپەرشتی هۆبز کەوتە ئەستۆی مامییەوە، کە دەوڵەمەند بوو. ئەو زۆر گرنگی بە هۆبز دەدا و لە لەتەمەنی چواردە ساڵی ئەوی ناردە زانکۆی ئۆکسفۆرد. فێری زمانی یۆنانی ولاتینی بوو و پاش کۆتایی هێنان بەخوێندن ماوەیەك بووە سكرتێری (فرەنسی پیكبون) و دواتر بووە مامۆستای كوڕی ئەرستۆكراتیك بەناوی (ولیام كاوندیش). (مكفرسون, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٩) لەدەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە و کوڕەکەیان کەفوتایی هۆبز بووە لە ساڵەکانی ( ١٦٢١ – ١٦١٠ – ١٦٢٥) سێ گەشتی کرد بۆ کیشوەری ئەوروپا وفەرەنسا وئیتالیا لەم گەشتە چاوی بەزانایانی گەورەی ئەو سەردەمەی ئەوروپا كەوت وەك (گالیلۆ-كوپلەر-كاسندی ودیكارت). (پولادی, مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاوا, ٢٠٠٥)

لەگرنگترین بەرهەمەکانی دەتوانرێت ئاماژە بدرێت بە: (لیڤیاتان –Leviathan) ١٦٥١. (هاوولاتی –De Cive) ١٦٤٢ ، سەبارەت بە (لاشە - De Corpore ) ١٦٥٥ ، سەبارەت بە (مرۆڤ De Homine) ١٦٥٨، (پرنسیپەکانی یاسا – The elements of low) ١٦٥٠ .

تۆماس هۆبز بەشێکی زۆری ژیان و بیرکردنەوەکانی تەرخانکردبوو بۆ لێکۆڵینەوە دربارەی ئاسایش و هێمنی، هەڵبژاردنی ئەم بابەتانە لە دیدی ئەوەوە لەبەر سەرجراکێشی و توێژینەوەی ئاکادیمی نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە دگەڕێتەوە، ئەو لە بەریتانیای سەدەی حەڤدەهەم ژیاوە، کە دووچاری شەری ناوخۆ ببوو و بە چاوی خۆی دەیدی چۆن شەر و رق هەموو شتێک لەناود دەبات. هۆبز خۆی بە بەرپرسیار دەزانی بۆ هەمووان روونکاتەوە، کە بۆ مرۆڤەکان هێندە کێشەیان هەیە لەگەل پێکەوەژیان. (میسنر, ١٣٨٥)

سەدەی حەڤدەیەم سەدەی گۆڕانکاری گەورەی جڤاکی و هزرییە. لە چەندین وڵاتیشدا سەدەی شۆرشی سیاسی دراندانە بوو. بەر لە هەمووشیان بەریتانیا. وێرای ئەوەش لە بەریتانیا زەنگینترین و رەنگینترین بەرهەمی ئەدەبی پەیدا بوو. نەریتی کۆن دەشکێنرا، سیستەمی سیاسی یەکبەدوای یەک دەگۆڕان، مرۆڤ نەیدەتوانی پشت بە نەریتێکی چەسپاو ببەستێ نە دەشیتوانی بنەمای سیاسی بە کردەوە بچەسپێنێ. لە ژینگەی وەها سەخت و نائارامدا، چەندین جۆرە باوەڕ پەیدا دەبێ، وشەی رادیکال پرپەیێستی بەشێکی زۆری ئەو باوەڕانەیە. بیریارەکان هەوڵیاندەدا شابنەمای وەها دابنێن بۆ حوکمرانی هەموو دەوڵەتێک، بێ رەچاوکردنی لایەنی بیروڕا و نەریتی دیکە، دەست بدات. (لیدمان, ٢٠٠٩)

رۆژگارێک هۆبز تێیدا دەژیا، رۆژگارێکی پڕ ئاژاوە و دڵەراوکێ بوو. هۆبزیش لە ژێر کاریگەری ئەم رەوشە کۆمەڵایەتییە، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ترس و دڵەراوکێ تێکەڵ ببوو ئەمە بە روونی لە گووتەکانی خۆی بە دیار دەکەوێت: (من و ترس، لێک دانەبڕاوین) هەروەک چۆن بەهۆی بوونی مەترسی لەلایەن کەشتیگەلی ئیسپانیا بەسەر بەریتانیا و رەوشی ناهەمواری ئەو کاتەی دایکی، هۆبزی لە زگدا بووە، وای لێدەکات لە وادەی دیاری کراوی خۆی زووتر منداڵی ببێت، واتا لە حەوت مانگان ئەوی بووە. هەر بۆیە هۆبز هەمیشە دەڵێت:"من و ترس دوانەیەکین پێکەوە لە دایك بووین = Fear and I were born twins together). (ماگی, ١٣٨٨) رەوشی سیاسی بەریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٦٢٠ تاکو ١٦٥٠ بەهۆی ناکۆکی و دژایەتی ئایینی لە نێوان (کاسۆلیکەکان، پرۆتستانتەکان و سەربەخۆکان) لەلایەک و کێشەکانی پاشا و پەرلەمان لەلایەکی دیکە (کە دواجار بووە مایەی لە سێدارەدانی چارلزی یەکەم پاشای بەریتانیا) زۆر ناجێگیر و بە تەواوەتی هێزی گەڵ تێکشکابوو. (نظری, ١٣٨٤)

لە ساڵی ١٦٦٦ پاش ئاگرە گەورەکە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، پرۆژەیەک لە دژی ئیلحاد و بێڕێزی بە دینی خودا پێشکەش بە پەرلەمان کرا، پەرلەمانیش دەسەڵاتی دایە لێژنەیەک بۆ دۆزینەوەی زانیاری و ئەو کتێبانەی برەو بە ئیلحاد دەدەن. لەو نێوەندەدا کتێبی لیڤیاتانی هۆبزیش لەم چوارچێوەیە خەملێنرا، ئەمە بووە هۆی دڵەراوکێ و ترسێکی زۆر لەسەر هۆبز. لە دوای ساڵی ١٦٦٦ بە دواوە ئیتر هۆبز تخونی کایەی سیاسی نەکەوت و دوورەپەرێزی و بێ دەنگی هەڵبژارد. (مکفرسون, ١٣٨٧, لاپەڕە ٢٤)

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتیانە، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە کایە و پاوانی زانستیش هاتبووە ئاراوە و ئەقلگەرایی مۆدێرن بە پشتبەستن بە میتۆدی نوێ و رزگاربوون لە بەند و داوەکانی لاهوت (ئیسکۆلاستیکی) لە پەرەسەندندا بوو. (نظری, ١٣٨٤, لاپەڕە ٢٦٣)

هەر وەک دەردەکەوێت لەو سەردەمەدا لەلایەک ناکۆکی لە نێوان پاشا و پەرلەمان لە ئارادابوو، لەلایەکی دیکە کێشەی ڕێچکە ئایینییەکان و هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت. زیادکردنی باج و سەرانەکان و بوونی شەر لە ناوخۆی بەریتانیا و داروخانی ئابووری و کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورە لە لەندەن و بڵاوبوونەوەی تاعون و نەخۆشی ببووە هۆی بێئومێدی و رەشبینی کۆمەڵایەتی، لەلایەکی دیکە پەرەسەندنی زانست و رەوتی ئەزموونی و دوورکەوتنە لە هزری لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاست؛ هەموو ئەمانە پێکهێنەرەکانی رەوش و بارودۆخی لە ئارادابووی سەردەمی هۆبزن. "هۆبز لە هەردوو کایەی سیاسی-کۆمەڵایەتی و زانستی رۆڵێکی داهێنەرانەی هەبووە، توانی بە بەکارهێنانی میتۆدی فەلسەفی و زانستی سروشتی، لە زەمینەی ناجێگیری سیاسی تیۆرێکی مەزن پێشکەش بکات". (Rogers, 1988)بە لەبەرچاوگرتنی ئەم رەوش و بارودۆخەی باسمان لێوەکرد، دەتوانرێت لە رەهەندە هزری و ئەو بابەتانەی ئەو دەریبڕیون باشتر تێبگەیین.

## ٢,٢ تێڕوانینی تۆماس هۆبز دەربارەی مرۆڤ :

بەرلەوەی بمانەوێت کرۆکی فەلسەفەی سیاسی هۆبز شرۆڤەبکەیین، پێویستە تێڕوانینی ئەو سەبارەت بە مرۆڤ بزانین، چونکە گەر جیهاندیدی ئەو بۆ مرۆڤ نەزانین، ئەستەمە لە تێڕوانینە سیاسیەکانی تێبگەین و بە هەڵەدا نەچین.

تۆماس هۆبز روانینێکی نێگەتیڤانەی هەبووە سەبارەت بە مرۆڤ، وەها تەماشای مرۆڤ دەکات، کە لە جەوهەردا نە متمانەی پێ دەکرێت و نە متمانەی بە کەسە. هەمیشە بەدوای بەرژەوەندی و سوود و قازانجی خۆیەتی. هەروەك هۆبز دەڵێت "مرۆڤ گورگە" (عزیز, ٢٠١٢) هۆکاری ئەوەی، کە مرۆڤی بە گورگ چوواندووە ئەوەیە، مرۆڤ ترسنۆکە و لە بەرئەنجامی ئەو ترسەشەوەیە، کە متمانە بە

کەس ناکات و هەرکە هەست بە مەترسی بکات بۆ پاریزگاری کردن لە خۆی پەلاماری مرۆڤەکانی تر دەدات. ترس هۆکاریکە وا لە مرۆڤ دەکات خۆ بپارێزێت لە کەسانی دەورووبەری و متمانەیان پێ نەکات و ئاگامەندانە بژیت.

ئەم مرۆڤە گورگ سیفەتە، بەڵێن و پەیمانەکان ناهێنێتەدی کاتێک بەرژەوەندی لە پەیمان شکاندا بێت. سەرەڕای ئەوەش تەنانەت لە کاتێکدا، کە هێمنی و ئاسایش بەرقەرار بێت و جەنگ لە ئارادا نەبێت، لەو بارودۆخەشدا متمانەی بە کەس ناکات. ئەگەر تەماشای هەر تاکێك بکەین، تەنانەت گەر لە بارودۆخێکی لە باریشدا بژی، دیسانەوە متمانەی بە کەس نییە، بە خۆشمانەوە. ئەمە بە جوانی لەو رەفتار و کردارانەدا بەدەردەکەوێت، کە کاتێك دەمانەوێت سەفەر بکەین، یان لەماڵدا نەبین، هەموو دەرگاکان کلیل دەدەین، چونکە لە راستیدا متمانەمان بە دراوسێ و مرۆڤەکانی دەورووبەرمان نییە. تەنانەت نەك بە دەورووبەرمان، بەڵکو لە ناو خێزانێکیشدا کەسیان متمانەیان بە کەس نییە. باوك یان سەرپەرشیاری ماڵەکە یان هەر تاکێکی ئەو خێزانە لەبەرچاو بگرین، شتە بەنرخ و بەهاکانی لە سنوقێکدا یان لە شوێنێك دوور لە دەستی ئەوانی تر دادەنێت، کە تەنها خۆی ئاگاداری شوێنەکەی بێت. هۆکاری ئەمانە هەمووی دەگەرێتەوە بۆ جەوهەر و سروشتی مرۆڤ، کە متمانەی بە کەس نییە. مرۆڤ خۆویست و خۆپەرستە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە هێز و دەسەلات و ناوبانگ و ئابروو بۆ خۆی پەیدا بکات و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، باشترین بێت و باشترینەکان بۆ ئەو بێت. (عالم, ١٣٨٧)

تۆماس هۆبز بۆ ساغ و پشتڕاست کردنەوەی ئەم قسانە نموونەیەك دەهێنێتەوە کە زۆر بەناوبانگە، ئەویش : (تەنگەژەی زیندانیەکانە) :ــ

"وا بێنە بەرچاو تۆ و هاورێکەت بەشدار بوونە لە تاوانێکدا و دەستگیر کراون. بەڵام هیچ جۆرە بەڵگەو شاهیدێك نییە تاوانەکە بسەلمێنێت. لە تۆ و هاورێکەت هەر یەکە بەجیا و لە دوو ژووری جیاواز لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت. تۆ نازانیت هاوکارەکەت دانی ناوە بە تاوانەکەدا یان نە. بارودۆخەکە بەم شێوەیەیە : ئەگەر هیچ یەك لە تاوانبارەکان دان بە تاوانەکەیاندا نەنێن هەر دووکیان ئازاد دەکرێن، چونکە پۆلیس بەڵگەی پێویستی لەبەردەستدا نییە بە تاوانباریان لەقەلەم بدات.

لە یەکەم سەرنجدا وا بەدەردەکەوێت دان نەنان بە تاوانەکەدا باشترین ریگا چارەیە. لەم دۆخەدا خالی سەرەکی لێرەدایە، کە گەر تۆ دان بە تاوانەکەدا نەنێی، بەڵام کەسی بەرامبەر دان بە تاوانەکەدا بنێت، ئەو پاداشت دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی ئازادیش دەکرێت. لە کاتێکدا تۆ بە تاوانبار لە قەلەم دەدرێت و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە زینداندا دەمێنیتەوە. بە پێچەوانەوە گەر تۆ دان بە تاوانەکەدا بنێیت، کەسی بەرامبەر دانی پێدا نەنابێ، ئەوە تۆ ئازاد دەکرێت، سەرەڕای پاداشتیش، بەم جۆرە ئەو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە زینداندا دەبێت. گەر هردووکتان دان بە تاوانەکەدا بنێن، ئەوە هەر دووکتان بۆ ماوەیەکی کوورت لە زینداندا دبن .

لەم بارودۆخەدا کەسی بەرامبەر هەر بریارێك بدات، باشترین ریگا بۆ تۆ، دان نانە بە تاوانا، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی تۆ دەتەوێت بەرژەوەندی و سوودی خۆت بگەیەنیتە ئاستێکی هەرە باش. ئەمە لەو رووەوەیە، کە کەسی بەرامبەر دان نەنێت بە تاوانەکەیدا ، تۆ پاداشت و ئازادیش دەکرێت، و گەر دان بنێت بە تاوانەکەیدا، ئەوە هەر دووکتان بۆ ماوەیەکی کەم لە زینداندا دبن.

بەم شێوەیە گەر هەر دوولا بتانەوێت زیاترین بەرژەوەندی بەدەست بهێنن و کەمترین سزا، باشترین و ئاقلانەترین ریگا دانپێدانانە بە تاوانەکەدا؛ چونکە مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندیەتی و جێگای متمانە نییە هەر بۆیە دانپێدانان بە تاوان، باشترین ریگایە". (واربرتون, ١٣٩١, لاپەرەکان ٩١-٩٢) لەم نموونەیەدا هۆبز هەوڵ دەدات ئەوە روون بکاتەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەرژەوەندی خوازە و باشترین بژاردەکانی بۆ خۆی دەوێت، دانان بە تاوانەکەدا زیاترین بەرژەوەندی مسۆگەر دەکات.

## ٣,١ دۆخی سروشتی :

دۆخی سروشتی دۆخی پێش سیاسەتە (political-Pre)، بەر لە دروستبوونی قەوارەی دەوڵەتە. کۆمەڵگا ریک نەخراوە و هێزی گشتی نەهاتۆتەدی. لەم دۆخەدا مرۆڤەکان ویستی کۆمەڵایەتیانەیان نییە و لە شێوەی دڕندەکان (پر ئازار، ناهەموار و کورتخایەن) دەژین. (Macpherson, 1962)لەم دۆخەدا هەموو مرۆڤەکان یەکسانن، لە رووی هێزی جەستەیی و لە رووی هزریشەوە. لە رووی جەستەییەوە لەبەرئەوە یەکسانن، چونکە بێهێزترین مرۆڤ هێزەکی (بالقوە) دەتوانێت بەهێزترین بێت و بتوانێت بەهێزترین لەناو بەرێت. لە رووی هزریشەوە هەر یەکسانن، چونکە هیچ جیاوازیەك نییە لە نێوان هزری مرۆڤەکاندا، بۆ ئەوەی بە زگماکی یەکێك زیرەك و ئەویتر تەمبەڵ بێت، بەڵکو ئەوە سیفەتێکی سروشتی مرۆڤە، کە خۆی پێ لە هەمووان زیرەکترە. لەبەرئەوەی لە نزیکەوە ئەروانێتە هزری خۆی و لە دوورەوە تەماشای هزری ئەوانیتر دەکات. لەبەرئەنجامی ئەم یەکسانیەوە ترس دەکەوێتەوە، چونکە یەکسانی هێزی مرۆڤایەتی، یەکسانی حەزو ویست و ئارەزوو و داخوازی لێ دەکەوێتەوە، کاتێك دوو کەس یەك شتیان بوێت و نەکرێت هەردووکیان لێی سوودمەند بن، دەبنە دوژمنی یەکتر و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەیان، هەوڵی لەناوبردنی یەکتری دەدەن. دەستوبرد و پێشکەوتن ئاقلانەترین ریگایە بۆ هەر کەسێك بیەوێت خۆی رزگار بکات لە مەترسی کەسانی تر و بۆ دابینکردنی ئاسایش و هێمنی.

"واتا هەر کەسێك دەبێت لە رێگای هێز، یان تەلەکەچێتی و فێلبازی، تا ئەو شوێنەی دەتوانێت دەسەلات و هێز بۆ خۆی دابین بکات. تا ئەو رادەیەی، کە چیتر هیچ هێزێك هێندە بەهێز نەبێت ئەو بخاتە مەترسییەوە، ئەوە لە بەرەنجامی ناخی مرۆڤەوەیە و رەوایە". (کاپلستون, ١٣٨٢, لاپەرە ٤٧)

کەسانێك هەن لە دەست درێژی و تەعداکردن چێژ وەردەگرن و دەبێتە هۆی دابین کردنی ئاسایش و مانەوەیان، ئەوانیتر بە پێچەوانەوە لە سنوری خۆیان لانادەن و هێز و دەسەلاتیان زیاد ناکەن لە رێی دەستوەشاندن و تەعدا کردن. ئەمانە ناتوانن ماوەیەکی درێژ بە خۆپاراستن بمێننەوە. یان دەبێت بجەنگیت بۆ ئەوەی بمێنیت، یان گۆشەگیر بیت و چاوەروانی ئەوە بکەیت کەی پەلامارت دەدەن و لە ناوت دەبەن. لە ئەنجامی وەها زیاد کردنی دەسەلاتێك بەسەر ئەوانی تر لەبەرئەوەی لێکەوتی ناخی مرۆڤە، رەوایە.

"کەواتە لە بونیادی مرۆڤ سێ هۆکار هەن بۆ ململانێ و ناکۆکی:

یەکەم: کێبڕکێ دووەم: ترس و سێیەم: ویستی پلەو پایەو دەسەلات.

هۆکاری یەکەم، وا لە مرۆڤ دەکات لە هەوڵی بەدەستهێنانی سوود و قازانج بێت.

هۆکاری دووەم، بۆ بەدەست هێنانی هێمنی و ئاسایشە .

هۆکاری سێیەم، بۆ بەدەستهێنانی متمانەو ناوبانگە". (هابز, ١٣٨٧, لاپەرە ١٥٧)

گروپی یەکەم ئەوانەن بەدوای قازانجەوەن، هێزو ستەمکاری بەکاردەهێنن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوانیتردا، تەنانەت بەسەر ژن و منداڵەکانیشدا. گروپی دووەم، پێکهاتووە لە خۆپاراستن و پاسەوانی و گروپی سێیەم بۆ شتی بێبەها وەك زەردەخەنە، یان قسەیەك، یا بیرو بۆچوونێکی جیاواز، یان لەسەر سوکایەتییەك، کە لە بەرامبەر بە

خۆیان، هاوڕیانیان، نەتەوەیان، پیشە یان ناونیشانیان بکرێت، پەنا دەبەنە بەر دەستدرێژی و داگیرکاری و تەعداکردن. لێرەوە ئەوە بەدیاردەکەوێت لە بارودۆخێکی وەهادا، کە مرۆڤ بەدەرە لە هێزی گشتی (دەوڵەت) و کۆمەڵگا، هەمیشە لە ترسدا دەژی، لە دۆخێك دایە پێی دەگووترێت شەڕ، جەنگ. لەم جۆرە جەنگە "جەنگی هەموو دژ بە هەمووە ". (هابز, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٥٨) مەبەست لە جەنگ کاری جەنگین نییە، بەڵکو مەبەست لە کاتێکە هەڵومەرجی ڕەخساو لە ئاڕادا بێت بۆ ڕوودانی جەنگ، هێمنی و ئاسایش لە ئارادا نەبێت. وەك چۆن ئاو و هەوای خەراپ، بەو ڕۆژانە ناووترێت، کە یەك دوو جار باران دەبارێت، بەڵکو دەبێت چەند ڕۆژێك بەردەوام ئاسمان هەوراوی بێت. بە هەمان شێوە بۆ شەڕیش. لە هەر کاتێك جگە لەم بارودۆخە، واتا بارودۆخێکی هێمنە. لە دۆخی جەنگدا، هیچ جۆرە کار و چالاکییەك ناکرێ، چونکە متمانە بە ئەنجامی کارەکە ناکرێ. لە ئەنجامدا نە کشتوکاڵ و نە کەشتیوانی و نە بازرگانی و نە هیچ کارو چالاکییەکیتر ئەنجام نادرێت. لە سەرووی هەموویەوە ترسی هەمیشەیی و مەترسی لە مردن و مەرگ بوونی هەیە. ژیانی مرۆڤ ناهەموار، ناشرین، ناخۆش، بێسەرو بەرو کورت خایەنە. لەم بارەیەوە (ڕایت) دەڵێت: "مرۆڤ لە دۆخی پێش پەیدابوونی دەوڵەتدا، تەنها لە خەمی پاراستنی ژیانی خۆییدا بوو، بە شێوەیەکی خۆپەرستانە سەرگەرمی کۆکردنەوەی پارەو پوڵ و دروستکردنی شکۆمەندی خۆی بوو. هاوکات لەو دۆخەدا هیچ بەهاو مۆراڵێك لە ئارادا نەبووە، مرۆڤ مافی هەموو شتێکی بە خۆی دەدا بۆ ئەوەی چی دەوێت بیکات. نە یاسا هەبووە و نە دەستور." (برگمن, ١٣٩٠) لە دۆخی سروشتی، بەرژەوەندی و سوود و قازانج، پێوەرن بۆ ڕاستی و ناڕاستی، سەرنجامی دۆخێکی لەو جۆرەش بریتی بوو لە جەنگی هەمووان دژ بە هەمووان. مرۆڤ جگە لە جەنگی بەردەوام ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو، یان دەبوو بجەنگێت، یان بترسێت و چۆك دابدات تا ئەوانیکە هێرش بکەنە سەری و پەلاماری بدەن) .

لەم ڕەوشەدا، کە هەموو دژ بە هەموون، هیچ شتێك دادپەروەرانەو نادادپەروەرانە نییە، چونکە هیچ یاسایەکی تێدا نییە کە دەستنیشانکەری ئەوە بێت چ شتێك دادپەروەرانەیەو چ شتێك نادادپەروەرانەیە؛ بۆیە لەم دۆخەدا ئەم چەمکە هیچ واتایەکی نییە. بەم شێوەیە دادپەروەری بەشێك نییە لە توانای جەستەیی یان هزری مرۆڤ، بەڵکو لە بەرئەنجامی کۆمەڵگاوەیە، کە ئەم چەمکە واتادار دەبێت. لەم دۆخەدا هیچ شتێك هی هیچ کەسێك نییە، واتا خاوەندارێتی هەمیشەیی لە ئارادا نییە، هەر شتێك هەتا ئەو کاتە هی ئەوە، کە بتوانێت پارێزگاری لێبکات. واتا مرۆڤ گورگێکبووە لە ناو گورگەکاندا دەژیا .

ئەمە بوو باس لە ڕەوشی ناخۆش و ناهەمواری دۆخی سروشتی. بەڵام مەبەست ئەوە نییە مرۆڤ ناتوانێت ڕزگاری ببێت، بەڵکو بەهۆی بەکار خستنی هزری، دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات. ئەو بارودۆخ و ویستە دەروونیانەی، کە مرۆڤ دەگونجێنی لەگەڵ ئاشتەوایی : "یەکەمیان: ترسە لە مەرگ. دووەم: ویسی دابینکردنی ژیانێکی ئاسودەیە. و سێیەم: ئومێدەوار بوون بەوەی لەڕێگای هەوڵ و کۆشش، پێداویستییەکانی بەدی بهێنێت ." (کاپلستون, ١٣٨٢, لاپەڕە ٤٨) و هزر بنەمای گونجاو پێشنیار دەکات بۆ ئاشتەوایی، کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگایەوە بگاتە ڕێکەوتنێك، و بەم بنەمایانە دەووترێت یاسای سروشتی.

### ٣,٢ یاسای سروشتی:

لە دۆخی سروشتیشدا یاسا هەیە، کە پێی دەوترێت یاسای سروشتی. یاسای سروشتی وەك یاسای مەدەنی نییە کە لە ڕێگای حوکمەت یان پاشایەکی ڕەها دارێژرابێت، بەڵکو لە بەرئەنجامی هزری تاکە کەسیانەی مرۆڤەوەیە. لە دۆخی سروشتدا هەموو تاکە کەسێك لە بارەی هەموو شتێك و بابەتێك مافی هەیە، هەر وەك لەمەو بەر باسمان کرد لەبەرەنجامیشیەوە شەر و نەبوونی هێمنی و ئاسایشی لێ ئەکەوێتەوە. ئەو یاساو قانونانەی هزر لەم بارودۆخەدا پێشنیاری دەکات، پێی دەگووترێت یاسای سروشتی. یاسا سروشتییەکان، کۆمەڵە یاسایەکن وا لە مرۆڤ دەکەن، هەندی کردارو ڕەفتار نەنوێنێت، کە دەبێتە هۆی ناهەموار کردن و لەناو بردنی ژیانی. هەر وەك هوبز دەڵێت: "هزر سەرەتا مەرجی گونجاو پێشنیار دەکات، کە مرۆڤەکان بتوانن لەسەری ڕێك بکەون. ئەم مەرجانە لە ڕاستیدا هەمان یاساکانی سروشتین". (هابز, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٦١) سێ یاسای بنەڕەتی تێدایە کە بریتین لە:

یەکەم: "هەر کەسێك تا ئەو شوێنەی ئومێدەوار بێت لە بەدەستهێنانی ئاشتی و ئارامی، دەبێت هەوڵی بۆ بدات، بەڵام کاتێك نەتوانێت ئاشتی و ئارامی دەستەبەر بکات، ئەو کاتە دەتوانێت لە هەموو ئەو ئامرازو کەلوپەلانەی کە پێویستن بۆ جەنگ سوودمەند بێت ." (هابز, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٦١)

بەشی یەکەمی ئەم هاوکێشە هەمەکییە هەڵگری یاسای یەکەم و بنەڕەتیترین یاسای سروشتییە واتە: "داواکردنی ئاشتی و پارێزگاری کردن لێی " .

بەشی دووەمی، هەڵگری کۆی بەرهەمی مافە سروشتەکانە، کە بریتییە لە: "مرۆڤ دەتوانێت بە سودمەند بوون لە هەموو کەرەسەو ئامرازێك، پارێزگاری لەخۆی بکات ".

لە یاسای بنەڕەتی سروشتی، کە دەبێت هەموو کەسێك هەوڵ بدات بۆ پارێزگاری لە ئاشتی، یاسای دووەم دەکەوێتەوە: "هەر تاکە کەسێك دەبێت بە ڕێژەی ئەوانی تر مایل بێت بۆ پاراستنی ئاشتی، و بۆ پارێزگاری لە خۆی، دەست لە مافی ڕەهای خۆی سەبارەت بە هەموو شتێك هەڵگرێ، بەهەمان ڕێژە لە مافی ئازادی سوودمەند بێت، کە بۆ خۆی لە دژی ئەوانی تر بە باشی دەزانێت، بۆ ئەوانی تر لە دژی خۆشی بە ڕەوا بزانێت". (هابز, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٦١) واتا کاتێك ڕەوایە دەست لە مافی خۆت بشۆی، کە ئەوانیتریش قایل بن بەم کارە، ئەگەرنا وەك نێچیرێك وایە، کە خۆی دەکاتە داوی ڕاوچییێکەوە.

دەتوانین بڵێین ئەمە هەمان یاسای ئینجیلە کە دەڵێت : " ئەوەی دەتەوێت ئەوانی تر لە بەرانبەر تۆ ئەنجامی بدەن ، تۆ خۆت بۆ ئەوانی ئەنجام بدە ."

یان هەمان یاسای مرۆڤایەتیە کە دەڵێت : "هەر شتێکت بۆ خۆت پێی خۆش نەبوو ، بۆ ئەوانی تریش ، پێت خۆش نەبێت."

یاسای سییەم : " دەبێت مرۆڤەکان پەیمان و بەڵێنەکانیان بهێننەدی ."

بەپێی ئەم هاوکێشەیە، "پەیمانەکان پڕوپوچن و چەند قسەیەکی سەر زارەکین و لە ئەنجامدا هەر لە دۆخی شەر دەمێیننەوە". (کاپلستون, ١٣٨٢, لاپەڕە ٥١) ڕەگ و بنچینە و سەرچاوەی دادپەروەری لەم یاسایەدا خۆی هەشار داوە، چونکە، کاتێك هیچ پەیمانێك نەبەسترابێت، کەسیش دەستی لە مافی خۆی نەکشاندووە و هەموو کەسێك لەبەرامبەر هەموو شتێك مافی هەیە، لە ئەنجامدا هیچ کار و چالاکیەك نادادپەروەرانە نییە. بەڵام کاتێك پەیمان ببەسترێت "پێشێل کردن و شکاندنی نادادپەروەریە" ، لە ڕاستیدا نادادپەروەری هەمان بەجێ نەهێنان و شکاندنی پەیمانە.

"ئەو شتەی نادادپەروەرانە نەبێت دادپەروەرانەیە". (هابز, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٦٩)

بەلام لەبەر ئەوەی مرۆڤ جێ متمانە نییە، کە لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی پەیمان نەشکێنێت، چونکە ترێسێکی وا نییە کەوا لە پەیمان دەرەکان بکات لەسەر پەیمانەکەیان بمێننەوە و ترسێك نییە سزای پەیمان شکاندن لەو

بەرژەوەندییەی لە پەیمان شکێنی بەدەست دەکەوێت زیاتر بکات. هەر بۆیە ناکرێ بە کردارێك بگووترێت دادپەروەری و بە پێچەوانەی بگووترێت نادپەروەری؛ چونکە هێزێکی جێبەجێکاری وەك حکومەت لە ئارادانییە و مرۆڤایەتی لە دۆخی جەنگ دایە. وەك هۆبز دەڵێت: "لەو شوێنەی هێزێکی گشتی لە ئارادا نییە، قانوون بزرە و بوونی نییە، و لەو شوێنە قانوونی لێ نەبێت، نادادپەروەریش نییە". (برگمن, ١٣٩٠) یاساکانی سروشتی ژمارەیان دەگاتە (١٩) یاسا کە لەوانەش یاسای (لێبوردەیی ، پێزانینی چاکە ، خۆ گونجاندن لەگەڵ خەلکی .....هتد).

## ٤,١ پەیمانی کۆمەلایەتی :

هەروەك باسمان لێوە کرد، دۆخی سروشتی دۆخی جەنگی هەموو دژ بە هەمووە، نە کۆمەڵگاو نە حکومەت لە ئارادا نین، دۆخێکی ناڵەبارو ناهەموارە. بۆ رزگاربوون لەم دۆخە، باشترین و ئاقلانەترین کار بەستنی پەیمانێکی کۆمەلایەتییە، کە تێدا ئازادییەکان بدرێتە دەست فەرمانڕەوایەکی ڕەها. ئەم فەرمانڕەوایە دەبێت، بە ڕادەیەك بەتواناو بەهێز بێت، کە هەر جۆرە پەیمان شکێنیەك سزا بدات و بتوانێت پەیمانەکان بهێنێتە جێبەجێکردن. هەروەك تۆماس هۆبز دەڵێت: "پەیمانێك سێبەری شمشێری بەسەرەوە نەبێت، جگە لە کۆمەڵێك قسە هیچی تر نین و بە هیچ جۆرێك توانای ئەوەیان نییە ئاسایشی مرۆڤ دابین بکەن." (هابز, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٥٤)

فەرمانڕەوای ڕەها بەدیهێنەری ئارامی و ئاسایشە، چونکە وا دەکات خەڵکی لەسەر پەیمانەکانیان بن و ترس لە سزای بەرامبەر پەیمان شکێنی زیاتر دەکات لەو بەرژەوەندییەی لە پەیمان شکێنی بەدەست دەکەوێت.

بەڵام یەکگرتنی کۆمەلێکی کەمی ریژەی خەڵکی، بەس نییە بۆ بەدیهێنانی پەیمانێکی پتەو، چونکە گروپێکی کەم کاتێك پەیمان دەبەستن کۆمەلێکیان لێپێك دێت، لەو کاتەدا چەند کۆمەلەیەك دروست دەبێت، کە هەر یەکە لە هەوڵی زیاترین سوود و قازانجن، دیسانەوە هەر دۆخی جەنگ بەردەوام دەبێت. تەنانەت گەر، کۆمەڵێکی زۆری خەڵکیش کۆبنەوە و گوروپێك پێکبهێنن، کە هیچ گروپی وەها گەورە نەبووبێ و نەبێ، گەر ئەم گروپە گەورەیە ئەندامانی یان پێکهێنەرانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی و سوود و قازانجی تاکە کەسیانەیان پەیمانیان بەستبێت، دیسانەوە سەرکەوتوو نابێت و نابێتە هۆی پاراستنیان و بەدیهێنانی بەرژەوەندی و هێمنی و ئاسایشیان، ناتوانن بەرگری بکەن لە بەرامبەر دوژمنانیان؛ چونکە هزریان لای ئەوەیە چۆن بتوانن هێزیان بە باشترین شێوە بەکار بهێنن، لە ئەنجامدا دەبنە کێشەو ریگر بۆ یەکتر. بەم هۆیەوە هێزی یەکتر کەم دەکەنەوە لەبەرانبەر دوژمنانیان. لەم دۆخەدا تەنانەت لەبەرامبەر ژمارەیەکی کەم، کە یەکیانگرتبێ بەرگە ناگرن. گەر دوژمنێکیش لە ئارادا نەبێت خۆیان، خۆیان لەناو دەبەن.

ئەگەر وەها گریمانە بکەیین کۆمەڵێکی زۆری خەڵکی لەبارەی جێبەجێکردنی دادپەروەری و یاساکانی تری یاسای سروشتی، بەبێ هەبوونی دەوڵەت، کە لە دۆخی ترس رایانبگرێت، لەگەڵ یەکتر ڕێك بکەون، لەو دۆخەدا ئەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە هەموو مرۆڤەکانیش دەتوانن وا بکەن، بەڵام لەم دۆخەدا چیتر حوکومەتی مەدەنی و هیچ جۆرە دەولەتێك نەدەبوو، و پێویستیشی نەدەکرد هەبێت؛ چونکە بەبێ هەبوونی جەخت و زۆرە ملێ و ملکەچیش، ئاشتەوایی بەرقەرار دەبوو. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا بۆ (مێرولەو مێش هەنگوین) کۆمەلایەتیانە دەژین بەبێ هەبوونی فەرمانرەوایەکی ڕەها، کە لە چوارچێوەی پەیمانێك کۆیان بکاتەوە؟ تۆماس هۆبز، لە وەلامدا بە پێچەوانەی ئەرستۆ، ( مێرولەو مێش هەنگوین ) بە زیندەوەرێکی سیاسی هەژمار ناکات و دەڵێت : (هابز, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٥٥)

" یەکەم: مرۆڤ هەمیشە لە دۆخی ململانێیە لەسەر پلە و پایە، لەکاتێکدا ئەم زیندەوەرانە ئەم جۆرە ململانەیەیان نییە. لە ئەنجامدا بەهۆی ئەم ململانەیەوە حەسودی و ڕق پەیدا دەبێت و شەری لێ دەکەوێتەوە، بەلام لە نێوان ئەم زیندەوەرانە جەنگ روو نادات .

دووەم: لە نێوان ئەم زیندەوەرانە بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتی جیاوازیان نییە. لەبەرئەوەی ئەوان لە سروشتەوە لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتین ، لەم رێگایەوە دەگەنە بەرژەوەندی گشتیش . لە کاتێکدا مرۆڤ لە بەراوردکردنی خۆی لەگەڵ ئەوانی تر چێژ دەبینێت، تەنها لەو شتەی بالاتر و باشترین بێت خۆشحاڵ و دلشاد دەبێت .

سییەم : ئەم زیندەوەرانە لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی مرۆڤ لە ئەقڵ بەهرەمەند نین، کەواتە کەموکورتی لە بەرێوەبردنی کاروباری گشتیدا نابینن یان بیرناکەنەوە کە کەموکورتیان تێدا بێت. لە کاتێکدا لە نێوان مرۆڤەکاندا زۆرن ئەو کەسانەی خۆیان بە دانا و لێزانتر دەزانن لەوانی تر بۆ بەرێوەبردنی کارو باری گشتی. وەها کەسانێك هەوڵ دەدەن بە رێگای جیاواز داهێنان و چاکسازی بکەن و دەست لە کاروبارەکان وەربدەن. لەم رێگایەوە کۆمەڵگا توشی ئاڵۆزی و گیرو گرفت و جەنگ دەکەن.

چوارەم : ئەم زیندەوەرانەی  لەگەڵ ئەوەی لە دەربرینی حەزو ویستیان و داواکاریەکانی تریان بە جۆرێك دەنگ بەکار دەهێنن، بەلام ناتوانن وەك مرۆڤەکان ووشەکان وەها بەکار بهێنن، کە هەندێ شتی باش بە خراپ  بەدیار بخەن بۆ ئەوانی تر و ئەوەی خراپە بە باش بە دیار بخەن. لە ئەنجامدا رێژەی چاکە و خراپەی روالەتی کارو بارەکان کەم و زیاد بکات . بەم هۆیەوە مرۆڤەکان دلگران بکەن و بەدڵی خۆیان رێگری لە ئارامی وئاسایشی یان بکەن .

پێنجەم : زیندەوەرە بێ ئەقلەکان ناتوانن لە نێوان ستەم و زیان جیاوازی بکەن کەواتە گەر ئاسودە بن، لە هاوشێوەکانیان نارەنجن، لەگەڵ ئەوەی کاتێك مرۆڤ لە دۆخێکی تەواو هێمن بێت لە هەموو کاتێکی تر زیاتر گیرو گرفت چێدەکات، چونکە لەم کاتانە دایە کە حەز دەکات ئارەزوو و توانای خۆی بەدەربخات و بەسەر کردەوەکانی کەسانێك، کە حوکم بەسەر وولات دادەکەن کاریگەری هەبێت ". (هابز, ١٣٨٧, لاپەڕە ١٥٦) لە ئەنجامدا جیاوازی نێوان ئەم زیندەوەرانە و مرۆڤ، زەوی تاکو ئاسمانە. رێککەوتنی ئەم زیندەوەرانە سروشتییە و ئەوان ناتوانن بە شێوەیەکی دیکە بن، بەڵام رێککەوتنی مرۆڤ تەنها لە رێی بەڵێن و پەیمان بەدیدێت و دەستکردە. هۆبز پێی وایە مرۆڤیش لە سروشتی خۆیدا بەشێوەی خۆرسك کۆمەلایەتی نییە، بەڵکو لەبەرئەوە حەزی لە ژیانی کۆمەلایەتییە، چونکە بەرژەوەندی و پێداویستی خۆی تێدا دەبینێتەوە.

کەواتە، سەیر نییە شتێکی تر جگە لە بەلێن و پەیمان پێویست بێت، تاکو رێك کەوتنەکەیان بەردەوام و بەهێز بکات، ئەم شتە هەمان هێزی گشتییە، کە خەڵکی لە دۆخی ترس دەهێڵێتەوە و کردارەکانیان بەرەو بەرژەوەندی گشتی رێنەمایی دەکات. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت پەیمانی کۆمەلایەتی شتێك نییە کۆمەڵە کەسانێك لە سەردەمێکی مێژووییدا  کۆبوبێتنەوە و پەیمانێکیان بەستبێت، بەڵکو ئەمە دەکرێ بگووترێت پێشەکیەکە یان دانانی پلانێکی هزرییە بۆ چۆنێتی دروست بوونی دەوڵەت، یان دەتوانین بڵێن پێشەکیەکە، کە لە ئەنجامدا بوونی دەوڵەت و حاکمی ڕەها بە پێویست لێی بکەوێتەوە .

### ٤,٢ دەوڵەت:

ئەگەر مرۆڤ بیەوێت رزگاری بێت لە ململانێ و شەری ناوخۆ، مەترسییەکانی هێرشی دەرەکی و لە دژایەتی و زیانەکانی یەکدی، گەر بیەوێت وەها بپارێزرێت، کە خۆیان بتوانن خۆیان بژێنن و بە خۆشی و شادی ژیان ببەنە سەر، پێویست دەکات هەموو هێز و توانایەکییان بە یەك کەس یان کۆمەڵە کەسێك بسپێرن، تا لە رێگای راپی زۆرینە هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەکانیان یەکبخەن و یەکدەنگ بکەن؛ ئەمە بەو مانایەیە ئەوان یەك کەس یان کۆمەڵە کەسێك بکەنە نوێنوریان. هەرکارێك ئەو نوێنەرە ئەنجامی بدات بۆ بەرژەوەندی گشتی، وەها پەسندی بکەن، وەک ئەوە وابێت خۆیان کردبێتیان. (پولادی, لە دەوڵەتی دەسەڵاتەوە تا دەوڵەتی ئەقڵ, ٢٠٠٦)
بەم شێوەیە ئیرادەو بۆچوون و رای خۆیان بسپێرنە ئەو ، ئەمە شتێکە زیاترو پایە بەرزتر لە پەیمان و رێك کەوتن. لە راستیدا یەکپارچەیی هەمووانە لە یەك کەسدا، کە بەهۆی پەیمان بەستنی هەمووان لەگەڵ یەکتر هەڵبژێردراوە؛ کەوا دەردەکەوێت گوایە لە پەیمانەکەدا هەموو وا بە یەکتر دەڵێن : " من مافی حوکمڕانی بەسەر خۆمدا، بەم کەسە یان بەم کۆمەڵە کەسە دەسپێرم و هەموو کردەوەکانی بە راست و باش و رەوا دەزانم. بە مەرجێك تۆش مافی خۆت بەو بسپێری و بە هەمان شێوە هەموو کردەوەکانی بە راست و رەوا بزانی". (هابز, ١٣٨٧, لاپەرە ١٩٢)
"کاتێك ئەم پەیمانە دەبەسترێت ، ئەو کۆمەڵە کەسەی بەم شێوەیە لە کەسێکدا بوونەتە یەك و یەکپارچە، بە دەوڵەت یان بە لاتینی (civilas) ناودەبرێن ". (هابز, ١٣٨٧, لاپەرە ١٦١) و ئەمە بە واتایەکتر پێکهێنانی هەمان ( لیڤیاتان)ە، یان ئەو خواوەندی حاکمەیە کە مرۆڤ لە ژێر سایەی ئەودا ئارامی و ئاسودەیی بە دەست دەهێنێت.

فەرمانڕەوا بەهۆی ئەو هێزەوە لەلایەن خەڵکی بەو سپێردراوە وەها هێز و دەسەلاتێکی هەیە کە دەتوانێت بە هەوڵ و تێکۆشانییەوە، ویستی هەمووان بۆ پاراستنی هێمنی ناوخۆیی وولات، هەروەها لە دژی دوژمنان لە دەرەوە ئاراستە بکات. لە راستیدا دەوڵەت لەودا بەرجەستە دەبێت. پێناسەی دەوڵەت لەو جەوهەرەدا بریتییە لە : "کەسێکە کۆی زۆرێك لە مرۆڤەکان بەهۆی پەیمان و رێککەوتن لەگەڵ یەکتردا، خۆیان کردۆتە سەرچاوەی باوەر پێکراوی کردەوەکانی، تاکو بتوانێت تەواوی هێز و تواناکانی ئەوان وەها، کە خۆی بە رەوای دەزانێت، بۆ پاراستنی ئارامی و هێمنی و پارێزگاری گشتی بەکاربهێنێت؛ هەڵگری ئەم رۆڵە پێی دەگووترێت فەرمانرەوا و خاوەنی هێزی فەرمانرەواییە و هەموو گوێرایەڵی ئەوون ." (هابز, ١٣٨٧, لاپەرە ١٥٨) بەدەست هێنانی هێزی فەرمانرەوایی بە دوو شێوە دەبێت: "یەکێان لە رێگای هێزەوە بە دەست دەکەوێت، وەك کەسێك، کە منداڵەکانی خۆی ناچار دەکات، خۆیان و منداڵەکانیان ملکەچی بڕیارەکانی ئەو بن، ئەگینا لەناویان دەبات. یان وەك کەسێك لە رێگای شەرکردن دوژمنانی ملکەچ و گوێرایەلی ویستی خۆی بکات و بە مەرجی گوێرایەڵی، مافی ژیانیان پێببەخشێت.
رێگای دووەم ئەوەیە مرۆڤەکان لە نێوان خۆیان رێککەون، کە بە ویستی خۆیان گوێرایەڵی کەسێك یان کۆمەلە کەسێك بن و ئەرکی پاراستن لە خود بەو بسپێرن . بە شێوەی دووەم دەکرێت بگووترێت دەوڵەتی سیاسی، یان دەولەتی پێکهێنراو بوونیادنراو (تأسیسی) و بە جۆری یەکەمیان دەگووترێت دەولەتی وەدەستخراو (اکتسابی)" (کاپلستون, ١٣٨٢)

لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بەوە بدەیین هۆبز، ئەو سیستەمە سیاسی و دوڵەتەی باسی لێوە دەکات لەسەر بنەمای مێژوویی و ئایینی داینەمەزراندووە. بەڵکو هەوڵدەدات دەولەتێك پێك بهێنێت، کە بەرئەنجامی سروشت و ویستی مرۆڤ بێت. مەبەستمان لە مێژوویی، ئەوەیە پاشا یان حاکمی رەها، فەرمانڕەوایی یان دەسەلاتی لەسەر بنەمای جەنگ نەگرتۆتە دەست و خۆی نەسەپاندووە، واتا چۆن لە کۆندا گەر لاپەرەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە کۆمەلە کەسانێك دەبینین بەهۆی جەنگ و شەرو شۆرەوە توانیویانە جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرنە دەست. یان بە ناوی ئایینەوە بە بانگەشەی ئەوەی پاشا و فەرمانڕەوا نوێنەری خۆدایە، فەرمانڕەوا لە لایەن خودا دەست نیشان کراوەو هەڵبژێدراوە و لادان لە قسەی ئەو لادانە لە قسەی خودا، لەسەر ئەم بنەمایە جڵەوی دەسەلاتیان گرتۆتە دەست، بەڵام هۆبز ئەم بنەمایانە بەلاوە دەنێت، و لە راستیدا ئەو" بنەمای دەوڵەتی مۆدێرن و سیکۆلاری دانا". (برگمن, ١٣٩٠, لاپەرە ٥٦) " هۆبز فەلسەفەی دەوڵەتی لەسەر ئەوە هەڵبەستبوو کە دەوڵەت دەستکردە (Artifact) (واتە خۆرسك نەڕسکاوە، بەڵکو هەڵبەستراوێکە مرۆڤ شیرازەی هۆنیوەتەوە). دەوڵەت جۆرە مرۆڤێکە، بەڵام بە شێوازێکی دیکە، زلە مرۆڤێکە لە یەکە یەکەی مرۆڤی دیکەی ئاسایی پێکهاتووە (لیدمان, ٢٠٠٩) هۆبز هەوڵیدا بە هۆی دانانی گرێمانەیەکی هزری بکاتە دەوڵەت و بنەمای دەوڵەت لەسەر پەیمان و یەکگرتن و یەکدەنگی و یەکپارچەیی مرۆڤ بەیەکەوە دامەزرێنێت.

### ٤,٣ ئەرك و مافەکانی هاوڵاتیان و حاکمی رەها

حاکمی رەها، لایەنێکی پەیمانی کۆمەڵایەتی نییە، ئەو بەرهەمی ئەم پەیمانەیە، بەر لە پەیمانەکە بوونی نەبووە، دەسەلاتێکی رەها و بێسنووری هەیە و هیچ رێگریێکیشی لە بەردەمدا نییە. حاکم ناتوانێت ئەم پەیمانە پێشێل بکات، هەروەها هیچ یەك لە هاولاتیانیشی ناتوان لە ئەرکەکانیان سەر پێچی بکەن. حاکم سەرچاوەی تەواوی هێزە و باڵاترین پۆستی هەیە. هەر جۆرە سەرپێچیەکی هاوڵاتیان نادروست و نادادپەروەرانەیە. بە بێ سەرنجدانە ئەوەی بە چ هۆیەکەوە سەرپێچی کردووە، کەسێك سەرپێچی لە فرمانی حاکم بکات سزا دەدرێت؛ چونکە هەروەك لە پێشترەوە گووتمان پێشمەرج و بنەمای دروست بوونی دەوڵەت ئەوەیە دەبێت هەموو هاولاتیان دەست لە ئازادییە بێ سنوورەکانیان هەڵگرن و بیدەنە دەست حاکمێکی رەها و دەبێت هەموو کردەوەکانی بە کردەوەی خۆیان بزانن. بۆیە کردەوەکانی حاکم نادادپەروەرانەو نا یاسایی و نا دروست نین، لەبەرئەوەی مافی رەهای پێ سپێردراوە، مافی هەر جۆرە کارێکی هەیە. هەر جۆرە سەر پێچیەك و هەوڵێك بۆ شکاندن و دەرچوون لە پەیمانی کۆمەڵایەتی نارەوایە، چونکە گەرانەوەیە بۆ دۆخی سروشتی و بێ سەرووبەری.
هاوڵاتیان تەنها دەتوانن لەو مافانە بەهرەمەندبن، کە حاکم بۆیان دەستنیشان داکات و ئەرکەکانیشیان هەر لە لایەن حاکمەوە دەست نیشانی دەکرێت. ئەوە لیڤیاتانە یاساکان دادەرێژێت و دەیانهێنێتە جێبەجێکردن.

هەروەها لەبارەی هەرشتێك پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت حاکم بڕیاری لەسەری دەدات. تاکە یاسادانەر حاکمە. لیڤیاتان مافی دادوەری و بڕیاردانی هەیە لە کاتێکدا کێشەیەك یان شەرێك روویدا بێت. سەرەرای ئەمەش تاکە بڕیاردەر سەبارەت بە دەست پێکی جەنگ لە گەڵ دوژمن و بەستنی پەیمان لە گەڵ دەوڵەتانی تر تەنها لە دەسەڵاتی حاکمی رەهادایە. ناکرێت یان نارەوایە دەسەڵات لە حاکم بسەندرێت و هەوڵی ئەوە بدرێت کەسێکیتر بکرێت بە حاکم، چونکە فەرمانڕەوایی ناگوێزرێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. بۆ هیچ کەسێك نییە حاکم بە تاوانبار و ستەمگەر لە قەڵەم بدات و هەوڵی هەر جۆرە شۆرشێك یان لە ناوبردنی دەوڵەت و

کوشتنی حاکم نادروست و نادادپەروەرانەیە، لەبەرئەوەی هەروەك گووتمان دەبێت کردارەکانی حاکم بە کرداری خۆمانی بزانین، ناکرێت و نەشیاوە کاتێك خۆمان کردارێك دەکەین کەسێکی تر سزاکەی ببینێت و بە تاوانبار لە قەڵەم بدرێت.

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، گەر حاکم مافی ڕەهای هەیە و بریاری کۆتایی سەبارەت بە هەموو شتێك لە دەستی ئەو دایە و هەر ئەویشە، کە ماف و ئەرك دەست نیشان دەکات، لێرەدا ئازادی تاکەکەسی چی لێ بەسەر دێت؟ هۆبز سەر بە ڕێبازی تاکگەراییە هەر لەم روانگەیەشەوە هەوڵدەدات بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە و دەڵێت: "هەر تاکێك کاتێك وەها هەست بکات ژیانی لە مەترسی دایە، ئازادە بە هەر شێوەیەك، کە دەیەوێت و دەتوانێت، پارێزگاری لە خۆی بکات؛ هەروەها لە کاتێکدا حاکم لە تواناییدا نەبێت پارێزگاری لە ژیانی بکات، ئازادە وەفاداری خۆی بۆ کەسێکی تر دەربرێت، کە بتوانێت پارێزگاری لێبکات." (عالم, ١٣٨٧) هەر تاکێك ئازادە هەوڵ و کۆشش بکات بۆ پاراستنی گیانی، بە هەر ڕێگایەك بێت، تەنانەت گەر بەپێی یاساش تاوانبار بێت. واتا هاوڵاتیان ئازادی تەواویان هەیە بۆ پاراستنی گیانیان.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ گەر لیڤیاتان یان حاکمی ڕەها مافی هەموو کارێکی هەبێت و ئازاد بێت لە نواندنی هەر کردار و رەفتارێك، ئەوە هاوڵاتیانیش ئازادن بۆ پاراستنی گیانیان هەر کارێك بکەن.

## ٥. ئەنجام:

دەتوانین بڵێین هۆبز فەیلەسوفێکی ئەزموونی و واقعگەرا بووە لە کایە و پاوانی فەلسەفەی سیاسیدا، واتا تێڕامانەکانی بەرئەنجامی ئەو رەوشە بوو تێیدا دەژیا و ئەزموونی کردبوو و لێکەوتی لیکۆڵینەوەی بوو لە سروشتی مرۆڤ و شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ. هۆبز لە شیکاری سایکۆلۆژی مرۆڤ و پاشان وەك هاوڵاتیەکی بەریتانی، کە کۆمەلێك کێشە و نەهامەتی دەبینێت لە وڵاتەکەیدا و وەك فەیلەسوفێك هەوڵدەدات لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتەوایی و چارەسەری ئەو کێشانەی سەردەمی ژیانی لە وولاتەکەیدا هەبووە سیستەمێکی سیاسی وەها دابنێت کە بتوانێت مرۆڤ ئاراستە بکات بەرەو هێمنی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین لە ئەنجامدا بڵێین:

1. سیستەمی پاشایەتی ڕەها و بێسنوور یان دەوڵەتی زۆردارانە و تۆتالیتار، لە بەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی نیگەتیڤانەیە بۆ دەروونی مرۆڤ، کە ڕەوایەتی وەردەگرێ. لەو رەهەندەوە پاساو دەدرێت، کە پێی وایە سروشت و ناخی مرۆڤ بۆ جڵەوکردنی پیویستی بە وەها سیستەمێکە.

2. فەلسەفەی هەر فەیلەسوفێك بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵام دانەوەی پرس و کێشەکانی سەردەمی ژیانی فەیلەسوفەکەیە. لەمەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە فەلسەفە لە مرۆڤ و بابەتە مرۆڤایەتیەکان دانابڕێت و پرسە سەرەکییەکانی فەلسەفە لە پرسەکانی سەردەمەوە سەرچاوە دەگرن.

3. پەیمانی کۆمەڵایەتی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر چی حەز و مەیل و ئارەزووەکانی مرۆڤ بێسنوورە و تووشی کێشە و ئاژاوەو شەری دەکات. بەڵام، ئەقڵ دەتوانێت سنوورێکیان بۆ دابنێت و مرۆڤ ئاڕاستە بکات بەرەو ئاشتەوایی.

4. دەتوانین هۆبز بە یەکەمین فەیلەسوف دابنێن هەوڵی بوونیادنانی دەوڵەتی مەدەنی دەدات و پێش ئەو وەها تێڕامانێک لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی بەرچاو ناکەوێت.

5. هۆبز بوونی دەوڵەت بە پێویستەکی و ناچارەکی دەزانێت بۆ رزگاربوونی مرۆڤ لە شەر و گەیشتنی بە ئاسایش و هێمنی. لە ڕاستیدا ئەمە بەرپەچدانەوەی نەریتی ئەنارشیزمەکان بوو، کە پێیان وابوو هیچ پێویست ناکات دەوڵەت و سیستەمی سیاسی هەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بە هێمنی و ئاسایش بژیت.

## I. 6. References


Hampsher-monk, I. (1992). A History of modern political thought (Major political thinkers from Hobbes to Marx. Oxford: oxford university press.

Macpherson, C. (1962). The plotical Theory of possessive individualism (Hobbes to Lock). london.

Rogers, G. A. (1988). Hobbes and royal society. Oxford: oxford university press.

بدوی, د. ع. (٢٠٠٧). موسوعة الفلسفه .قم: ذوی قربی.

برگمن, گ. (١٣٩٠). کتاب کوچك فلسفه (Ed., &١٠)، ( ك. قبادیان، ترجمه) تهران: چاپ و صحافی کهنویی.

پولادی, د. ( ٢٠٠٥). مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاو (ئ. وەلەدبەگی، وەرگێر)، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

پولادی, د. (٢٠٠٦). لە دەوڵەتی دەسەڵاتەوە تا دەوڵەتی ئەقڵ . (س. ج. زەندی، وەرگێر). هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

عالم, د. (١٣٨٧). بنیادهای علم سیاست (ed:١٨ )، تهران: نشر نی.

عزیز, د . (٢٠١٢). فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا .هەولێر: دەزگای ئاوێر.

کاپلستون, ف. (١٣٨٢). تاریخ فلسفه. (ا. ج. مجتبوی, ترجمه) تهران: شرکت علمی و فرهنگی سروش (انتشارات صدا و سیما).

لیدمان, س. ئ. (٢٠٠٩). ڕێگوزەری بیری سیاسی. (ئ. شەفیق،وەرگێر)، سولەیمانی: نییە.

ماگی, ب. (١٣٨٨). داستان فلسفه. (م. ص. علامه، ترجمه). تهران: کتاب امه.

مکفرسون, س. ب. (١٣٨٧). مقدمه و ویرایش لویاتان. (ح. بشیریه, ترجمه) تهران: نشر نی.

میسنر, م .(١٣٨٥). فلسفه هابز .(خ. دیهمی، ترجمه) تهران: طرح نو.

نظری, ع. ا . (١٣٨٤) مفهوم قدرت در اندیشه سیاسی هابز .مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی ,٦٩, ٢٦٣.

هابز, ت .(١٣٨٧) لویاتان (ed:٥ ) س. ب. مکفرسون Ed., & ,(ح. بشیریه، ترجمه) تهران: نشر نی.

واربرتون, ن .(١٣٩١). اثار کلاسیک فلسفه (ed :٥ ) (م. علیا، ترجمه)، تهران: انتشارات ققنوس.


# Abstract


Thomas Hobbes lived through political strife, civil war, social disorder; Such circumstances influenced his political views. To understand the content of his political philosophy, in addition to taking into account the time of his life, his views on the human nature must not be forgotten. In fact, these two aspects are key to understanding his intentions and goals in forming a totalitarian state. Hobbes tries to start his ideas about political philosophy with an intellectual assumption, “The natural condition of

mankind" and gradually enter the essence of what he wanted to achieve, which is the “commonwealth”. A strong state, where someone rules and dominates, but a state based on social contract, in order to meet the public interest and the demands of citizens. In order to analyze the political philosophy of this great philosopher, the analytical method has been adopted, trying to analyze the reasons that led Hobbes to consider the existence of the commonwealth as necessary and compulsory. How does he provide rational evidence to justify absolute power? How does it define the rights and duties of citizens? What are the duties and rights of the ruler? And what does it base the principles of the state on? An attempt has been made to answer these questions within the framework of Hobbes' political philosophy, especially in his views on Leviathan, by analyzing his texts and using the analysis made for him.

**Keyword**: Hobbes, Leviathan, political philosophy, Reconciliation, totalitarian.